# شەمشەمە کوێرە بە ڕۆژ نابینێت. . . خەتای ڕۆژ نی یە ئەو خۆی نابینێت ... کاروان خانەقینی

بەرێزێك بە ناوی هاوارەوە هەندێك بوختان و قسەی بە ناوی وەڵامەوە بۆ نوسیبوم، سەرەتا پێم خۆشە کە سوپاست بکەم بۆ پێشنیارەکەت کە ئەڵێت هەندێك ژیری خۆت بخە کار، هیوادارم جەنابیشتان بە هەمان شێوە بیخەنە کار و ئەگەر وویستت لە سەر هەر شتێك بنوسیت بتوانیت کە بابەتیانە بنوسیت و تەنها ووشە ریز نەکەی، چونکە ئەم جۆرە نوسینانە ناچنە قاڵبی رەخنەوە و هەر لە بازنەی قسەی بێ بنەمادا دەخولێنەوە.

ئەو کتێبەی کە من باسی لێ دەکەم تا ئێستە گەورە زانایانی جیهان لە بەردەمیدا بە چۆکدا هاتوون و نەیان توانی وە رەخنەیەکی لێ بگرن و ئاماژە بە بچوکترین هەڵە بکەن تیایدا، سەرەرای ئەوانەی کە وویستبێتیان هەر تەشهیر بکەن تەنها سەر لووتی خۆیان خوڵاوی بووە و لە دۆراوی زیاتر هیچیکەیان بەش نەبووە. لەوە ئەچێت تا ئێستە لاپەرەیەکت لە سەر ئیسلام نەخوێندبێتەوە، ئەینا نە پێغەمبەرت بە نووسەری دەزانی و نە پێغەمبەریشت بە کابرایەکی نەتەوەپەرست ئەزانی، هەروەك خۆت پیشان ئەدەی زۆر نەتەوەیی بییت، بەڵام تاکە رەخنەیی نەتەوەییەکانت لە ئیسلام نەزانی کە ئەویش ئەوەیە ئیسلام دینێکی ئوممەمیە. وە ئەو پێغەمبەرەی جەنابت بە نەتەوەپەرستی دادەنێیت دەفەرموێت (لافرق بین عربی وعجمی الا بالتقوا) وە زانا و کەسایەتیە بەناوبانگەکانی وەکو (ادوار مونتە، گاندی، لومارتان، سادیو لویس، برناردشو) و چەندانی تر کە باسیان لە کەسایەتی بەرزی پێغەمبەر کردوە من تەنها قسەکانی (مایکل هارت) ی خاوەنی کتێبی (سەد کەسی یەکەم) کە پێغەمبەری ئیسلامی داناوە بە یەکەم کەسایەتی لە مێژوودا کە کاریگەرێتی هەبووبێت لە سەر دنیا و دین. بە نموونە بۆ دێنمەوە کە دەڵێت:

بە راستی هەڵبژاردنم بۆ محمد بە گرنگترین و گەورەترین کەسایەتی مێژوو، لەوانەیە خوێنەر سەرسام بکات، بەڵام بە راستی ئەو تاکە کەسێك بووە لە هەموو مێژوودا کە لە دوو لایەنەوە توانی بە باشترین شێوە سەرکەوتن بە دەست بێنێت: لایەنی دینی و دنیایی.

بەرێزت دەڵێیت بە درێژایی ئەم1400 ساڵە موقەدەساتی کورد ی پێ پێشێل کراوە بەڵام نەتووت چۆن، کەی، لە کوێ، وە چۆن؟ بۆ ئامارژەت بە یەکێك لەو موقەدەساتە پێشێل کراوانە نەکرد تا قسەکانت نەچوایەتە قاڵبی قسەی بەتاڵەوە، ئەی گۆری سەحابەکان چ کێشەیەکیان بۆ درووست کردووی وا دەناڵێنیت؟خۆ هەموو گۆرەکان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. . . بەرێزتان دەڵێن خانەقینی (تۆ) هێشتا لە دەست تەعریب رزگاری نەبووە و نابێت. جارێ خانەقین بە تەنها موڵکی من نییە بەڵکو هی هەموو کوردە، وە خەڵکی خانەقینیش وەکو جەنابتان ئەوەندە ورە روخاوو بەزیوو نین لە بەردەم تەعریبدا هەتا ئاوا ئەژنۆیان بشکێت و بڵێن هەتا ماوین رزگار نابین، وە باوەریش بفەرموو ئەوەی کە دەیەوێت خانەقین لە کوردستان دابرێت هێشتا چاوی بەم دنیایە هەڵ نەهێناوە. مەعلومی جەنابیشتانە کە ئەوەی تەعریبی داهێنا پارتێکی سۆسیالیستی نەتەوە پەرستی عەرەبی بوو، نەك قورئان. . . وە مەسەلەی خۆشەویستی قورئان و خاك دوو شتن کە هیچ پەیوەندیەك لە نێوانیاندا نی یە، هەتا بونی خۆشەویستی بۆ یەکێکیان لە خۆشەویستی

ئەوی تریان کەم بکاتەوە. قورئانم بۆیە خۆش دەوێت لە بەر ئەوەی بەرنامەو یاسای ژیانمەو کوردستانیشم بۆیە خۆش دەوێت لە بەر ئەوەی جێگەی لە دایك بوون و پێگەشتنمە. هیوادارم تۆ و ئەوانەی وەکو تۆ بیر ئەکەنەوە واز لەم موزایەدەو کوردایەتی فرۆشتنەوە بهێنن. وە واز لە ووتنەوەی ئەم قسە سواوانە بهێنیت، کە هیچ خزمەتێك بە گەلەکەمان ناکات. . . لەوە ئەچێت ئەم هەموو خەڵکەی کوردستانت بە گەورەو بچوك، ژن و پیاو، پیرو گەنجەوە، لێ بوبێت بە نەزان کە شوێنکەوتەی ئیسلامن و جەنابیشتان تاقە ماڵە زانا و بلیمەت هەڵکەوتبیت. ئەوانەی کە خەریکی سوکایەتی کردن بە کورد و دەستەمۆ کردنین، دیارە کێن و هەڵگری چ بیرو باوەرێکن! ئەو سەرچاوە مێژوویانەت دیاری کردایە کە جەنابتان باسی لێ دەکەن کە سەرکردە موسڵمانەکانی کورد و زاناو قورئان خوێنەکانی خەریکی تەعریب کردنی بوون، دیارە چەندە بە ئاگای لە مێژووی ئەم گەلە، ئاخر هەتاوەکو ئێستە ئەگەر بۆ تەنها کاتژمێرێکیش چاوت بە کتێبێکی مێژووی ئەم گەلەدا خشاندبێت بێ گومان چاوت بە ناوەکانی شێخی پیران و قازی محمد و دەیان مەلاو زانا دەکەوت کە ئیسلام پێی گەیاندن و هەتا دوا ساتی ژیانیان لە خزمەتی میللەت نەسرەوین. یان مەسەلەی ناو مەسەلەیەکی تایبەتی هەر کەسێکەو بۆ من و تۆ نییە دەستی تێ وەردەین و رەخنەی لێ بگرین هەر کەس ئازادە لە هەر ناوێك هەڵیئەبژێرێت وە ناو چی پەیوەندیەکی بە بونی سۆزی نەتەوایەتیەوە هەیە؟ چەند جاش و خۆ فرۆش هەبوون ناویان (کامەران، دانا، هەڵوێست، کوردە، قارەمان. هتد) بووە، وە چەند پێشمەرگەی قارەمان هەبوون کە ناویان (عبداللە، عبدالرحمن، محمد، عمر. . . هتد) بوو. جەنابیشتان لوتف کەن ناوی سەرکردەیەکی کوردم پێ بڵێ بە ئیسلامی و عەلمانیەوە کە ناوەکەی کوردی بێت؟؟؟ وە هەروەها مامۆستای گەورە و مێژوو نووس ئەمین زەکی بەگ دەڵێت:

کاتێك خەلافەتی عوسمانی حوکمی ئەکرد، هەستم نە ئەکرد کە کوردم، هەتاوەکو هەندێك نەتەوەپەرستی وەکو کمال ئەتاتورك سەریان دەرهێنا، ئینجا هەستم کرد کە کوردم، وە هەروەها نەتەوەکانی تری ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بە هەمان شێوە.

یان باس لە زانست و داهێنان دەکەیت کە بەرهەمی دەستی زانا غەیرە موسڵمانەکانە، بەڵام باس لەوە ناکەی کە زۆربەی ئەو زانستانەی کە ئەمڕۆ من و تۆ هەرکەسێك سوود مەندە لێی بناغەکەی زانایانی وەکو (ابن رشد، ابن سینا، امام غەزالی، جابر، حسن کوری هەیسەم، مقریزی. . . ) چەندانی تر کە موسڵمانن دایان ناوە، وە چەندەها کتێبیان هەیە ئێستەش وەکو سەرچاوەی زانستی بەکار دێت، ئەگەر نەنگیش بێت موسڵمان سوود لە شتی بێ باوەرێك وەرگرێت، بۆ تۆش هەروایە کە خۆت بە کورد بزانیت و سود لە شتێك وەرگری غەیرە کوردێك دروستی کردبێت. خۆ کەسێك لەو زانایەنە کورد نەبون هەتا تۆ خۆتیان لە سەر سەخڵەت کەی؟ یان کافر بوون بە چی تێگەشتووی و چی پەیوەندیەکی بە ئەدیسۆن و کارەبا و گڵۆپەوە هەیە؟ کافر بە کوردی واتە (بێ باوەر) ئەم ووشەیەش بۆ ئەو کەسانە بە کار دێت کە باوەریان بە ئیسلام نییە وەك بەرنامەیەك بۆ ژیان. جا ئەو کەسەشی ئەم ووشەیە لە سەر دڵی قورسە با روونی بکاتەوە بۆچی؟ وە جزیەش ئەو پارەیە کە لەو کەسە بێ باوەرانە وەرەگیرا کە کە هاتبوونە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوە دەژیان و بەرامبەر بە پاراستنی ژیان و سامانیان دەیاندا، هەروەك چۆن ئەمڕۆ لە سەرانسەری جیهاندا زەریبە وەردەگیرێت و شتێکی یاسایی و مەعقولە و هیچ کەسێکیش گلەیی نییە لە دانی ئەو برە پارەیە. حەجیش بێجگە ئەوەی کە یەکێکە لە ئەرکانەکانی ئیسلام، گرگنگیەکەی ئەوەیە

سالأنە وەکو کۆنگرەیەکی جیهانی موسڵمانانە و ئیماندارانی جیهان یەکتر دەبینن. کە ئەمەش دەلالەتە لە بە هێزی ئەم دینە کە ئەتوانێت ملیۆنان کەس لە یەك جێگەدا بۆ یەك کار کۆبکاتەوە. بێجگە لە هەندێ ووردەکاری تر کە بە ووتارێك باس ناکرێت. بەرێز، دەڵێیت خوای گەورە بۆ خەڵکی دروست کردوەو چ پێویستیەکی بە عیبادەتی مرۆڤە، خوای گەورە نە پێویستی بە نوێژ و رۆژووی من و تۆ هەیە و نە بە کردن و نەکردنی لە دەسەلأت و گەورەیی خوا زیاد و کەم دەکات، بەڵکو ئینسانەکان پێویستیان بەوەیە کە فەرمانەکانی پەروەردگار بە جێ بهێنن چونکە تاقە رێگەی سەرفرازی هەردوو دنیایە، ئەمەش بیرو باوەرێکەو (فمن شا و فالیو و من ومن شا و فلیکفر) کەس زۆری لێ نەکراوە کە ئەم ئەرکانە بە جێبهێنێت، بەڵکو ئەگەر زۆر بە دڵسۆزی و نیەت پاکیەوە جێ بە جێ نەکرێت ئەسڵەن خوای گەورە هەر قبوڵی ناکات، وە هیچ کەسێکیش لە بەر بێباوەری خوای گەورە رۆحی لێنەسەندۆتەوە و رۆزیشی هەر داوە، وە تەنها خوای گەورە ئینسانی بەوە لە ئاژەڵ جیا کردۆتەوە کە ئەرکێکی پێ سپاردوەو سەربەستیشی کردوە لە ئەنجام دانی. وە خوای گەورە ماندوو نەبوە بە دروست کردنیەوە و ماندوشنابێت بە هیچ شتێك. وە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی خوای گەورە ئەوەیە کە دادپەروەرەو ئەوەی بە باوەر داری داوە بە هەمان شێوە بێ باوەرەکانیشی لێ بێ بەش نەکردوە. وە دیکتاتۆر دەرەبەگ بۆیە ناو زراوون لە بەر ئەوەی کە دادپەروەر نین. وە ئەو ملیاردەی جەنابتان بە دڵی خۆتان تەخشان و پەخشانتان کردوە بە سەر مەزهەباکانا، کەسیان ئینکاریان نییە لەوەی کە قورئان بەرنامەیانە...